

# ڕەشۆ

حسێن شێربەگی
(بۆکان)

سەلامونعەلەیکوم...

ئەم سڵاوەم سەد کەڕەت لە نێو دڵما بەر باسوخواس دابوو، بڵێی ئەم سڵاوە بەم چەشن و چلۆنایەتییە پەسندی ئەم مەجلیسە بێ؟

لە نێو دڵما دەڵێم: «خۆم پەسندمە! لە دەیان کۆڕ و کۆزیلکەی دیکەدا پەسند بووە؛ لێرەش پەسند دەکرێ!»، بەڵام کەس نەیکوت: «عەلەینا وەعەلەیک...»ئەزموونی باشم هەبوو، ڕۆیشتم و لە لای سەری سەرەوە بۆی ڕۆنیشتم و وتم: برادەر مەرحەبا.. ڕەشۆم ناوە، ساز چێ دەکەم، سازژەنم، کەمان و کەمانچە و تەموورە.

هەمــووان ســەریان هەڵبــڕی، ڕوویان تێکردم و لێم مــۆڕ بوونەوە، ناکــاو بووە هەڵڵا و زەنا: ڕەشــۆ؟ دەهۆڵچی؟ دمەکژەن؟ چاوەشی؟

نازانم دەنگی ناخۆشی کام نامەردیان بوو: شایەری، یان لۆتی...؟

ئەزموونم بوو، ئارەقەی تەوێڵ و ئازای ئەندامم لە مەجلیساندا وشک بووبۆوە. خۆم نەدۆڕاند و لە سەرەخۆ وڵامم داوە: کوڕە نا نا... چاوەش و لۆتی نیم... بە سەری بابت و بە سەری ئەم کەیخودایانە! بەس بۆ دڵی خۆم و دۆست و دیوناسی خۆشەویستی وەک ئێوە، کەمانچە و تەمیر دەژەنم، جاروبارەش کەمان لێ دەدەم و لە بەر خۆمەوە ویرەویرێک دەکەم.

«ئەم هەژارە کەی گوتی لۆتیم، گوتی: ڕەشۆ کەمانچەم، بەڵام خۆ ئێمە نایناسین، نازانین دەزانێ بیژەنێ، یان نا؟» دەنگی ناخۆشی زەلامێکی ڕەزاتاڵی ناشیرین هەستا، ئەویش چۆن؟ هەر نەیهێشت فزەم لێوە بێ و وڵامی دەمەوە!

زۆر گوستاخ هەرای کرد:
– ئا تۆخوا مام ڕەسووڵ ئەم کەمانچەیەی کاورای کرمەشانیمان پێ بە، با بزانیم ئەزانێ بیژەنێ، یان درۆ ئەکات...
سەگبابێکی بەدڕەزای ناشیرین بوو، شەرم و شوورەیی هەر لە لا نەبوو! هەر نەیوت: بیلامانێ، بیلاتەشبیهـ.
خاوەن چایخانەکە پێیان وت مام ڕەسووڵ یەک تەکان هەستا سەر پێ، خۆی بە پەسێوی پشت دەزگای سەماوەر و کتری و قۆریدا کرد و دەستبەجێ بە کەمانچەیەکی کۆنەوە گەڕاوە ئەم ژوورەی لێی دانیشتبووین. کەمانچەی دایە دەستم و: با بزانین شێر دەبی، یان ڕێوی...
ڕاستییەکەی من کەمانچەژەن نەبووم و نیم، نەشموت کەمانچەژەنم؛ بەس کابرای ڕەزاگران ئەمەی لە زارم گوشی!
من وتم سازژەنم، مەبەستم لە سازیش تەمیرە بوو، سازی من تەمیرەیە، بەڵام لە کەمان و کەمانچەش شارەزایی باشم هەیە، یانی زۆربەی سازەکان دەتوانم بژەنم، ئاخە لە تەواوی تەمەنمدا دوو کارم زیاتر نەکردووە: یەکەمیان... نا، نا، لێگەڕێن بۆ وتن نابێ... بۆ کاتی خۆی، بەڵام دووەمیان چێکردنی سازە تەلدارەکان و ژەنینی ئەم سازانە و وانە وتنەوەی هەر ئەم سازانە بووە.
بەڵام، تۆخوا بە هەڵە نەچن، شایەر و چاوەش نەبووم، حورمەتم بۆیان هەیە، سەرقاڵی کارێکی دیکە بووم، بۆ وتن نابێ، باسی سەرە، کاتی خۆی و ڕۆژی خۆی پێتانی دەڵێم! بێج لەم ئیشە سازم چێ کردووە، تەمیرە و کەمان و کەمانچە، بۆ فرۆش سازم کردوون، قوتابی فێر کردن و ڕاهێنانی ئەم سازانەشم هەبووە، دەنگیشم ناخۆش نییە! یانی هەر لە کۆڕ و کۆبوونەوەی نێو دۆست و هەڤاڵی خۆمدا، ئەمانەم شەوێ لەگەڵ خاوەن چایخانەکە بەر باسوخواس دا.... دوایە باسی دەکەینەوە...
مام ڕەسووڵ لە پەسێو هاتە دەر، کەمانچەی کابرای کرمەشانی بە دەستەوە (بە وتەی خۆیان) نیگایەکی میهرەبانی منی کرد، دەست و کەمانچەی بەرەو من ڕاگرت:
ئەمەش کەمانچە؛ با بفەرمێ جەنابی سووا ڕەشۆ کەمانچە! دەبا بزانین شێرە، یان ڕێوی!.
هەر ئەم چوار پێنج وشە ناقابیلە منی کردە «ڕەشۆ کەمانچە». سازم لە دەستی وەرگرت، دوو سێ کەڕەت ئەم بار و ئەوبارم پێ کرد و لێی ورد بوومەوە، هاکا سەنگوسووکی و چلۆنایەتی ساز هاتە دەستم، ئارشەم بە سەر تەلی کەمانچەدا هێنا: لەلای لالا، لەلای لالا.
کەمانچە بە شەرت کەمانچە بوو. قسەی لە سەر نەبوو، کەیفم پێی ساز بوو، لە یادم چۆوە لە کوێم و سەرقاڵی چیم؟ لە یادم چۆوە کێم و چ کارەم!!
لە مەزڵ و دیوەخانی کەسانە و تایبەتی خۆمدا، لە هەڕەتی لاوی و ئەوینداری، تەنها بووم و بۆ دڵی خۆمم دەژەند و دەمناڵاند:

**ئەو کچە لەو ماڵە قەولی داوە پێم**
**دەرک و دەروازەی داخراوە لێم**

مەستی و سەرخۆشی هەڕەتی شۆڕشگێڕی و لاوی، لە ژووری تایبەتی شۆڕای هەڤاڵم بووین: «کوێر بم چوار پێنج ساڵە نەمبینیوە، لێی بێخەبەرم. وا دیارە دیسان شاربەدەر کراوە، هەمیسان دوور خراوەتەوە بۆ دوورگەیەکی دۆزەخی.
دەمژەند و دەمچڕی: ئەو کچە لەو ماڵە قەولی داوە پێم!
ئێوارێی فێنکی بەهار، بەزم و سەرخۆشی پۆلی هەڤاڵان؛ هاتنە ژوور و وەکۆبوونی یەک بە یەکی دۆستان، بەبێ ئەوەی هیچ ئاگام لە خۆم و لە بارودۆخ بێ، دەمژەند و دەمچڕی: ئەو کچە لەو ماڵە...
نازانم لە پاش چەند خولەک؟ چەند چارەک، یان چەند کاتژمێر هەستم کرد ژوور لیپاولیپی خەڵکە و شوێنی دانیشتن نییە! تەنانەت چەند کەسێکیش بە سەرپاوە ڕاوەستابوون، لە ناکاو دەنگێک گوتی: ئەم چایە بخۆوە، دەس مەرز، دەس و پەنجەت هەر خۆش بێ!
سەرم هەڵهێنا، لە چایخانەیەک بووم، چایخانەی کێ؟ ئەم کەمانچەیە کێ دایە دەستی من؟ ئەم گشت خەڵکە لە چی کۆ بوونەتەوە؟ چاوم بە حەشامەتدا گێڕا و لە هەموو ئامادەبووان ڕوانی، دوایە نیگام بۆ دوورتر، بۆ دەرەوەی چایخانە و بۆ پشت جامی چایخانەکە گواستەوە، پشت جامی چایخانە و شۆستەی دوکانەکانیش کە لاوی گوێدێر بوون، تەنانەت ژنان و کچانیش...
شاری گچکە وایە، ئەم کارانە لەو شارە گچکانە عاجباتی و سەیروسەمەرەن! لە کاتی ئاوهادا کیژ و ژنان تێکەڵ پیاوان دەبن و گوێڕادێر دەبن!
هەستام و چوومە چارچێوەی دەرگای چایخانە و بە

جەماوەری ئەویم کوت: سپاس بۆ هەمووتان، من ڕەشۆم ناوە، یانە و کەلاسی کەمانچە و تەمووورە ژەنین و سازکردنیان دادەنێم، کێ پێی خۆشبێ دەتوانێ نێونووس و بەشداری بکات؛ پیاو و ژن و کیژ و کوڕان، بەبێ جیاوازی!!

هاتمەوە ژووری چایخانە، لە جێی خۆم دانیشتمەوە و کوتم: برایان ڕەنگە دوو سێ ساڵێک، کەمتر، یان زیاتر، لەم شارەدا میوانتان بم، یانە و کەلاسی ساز چێکردن و سازژەنین پێکدێنم بۆ کیژان و کوڕان، برایەتیم لەگەڵدا بکەن و قوتابیم بۆ بێنن.

کات درەنگان بوو، حەشیمەت بەرەبەرە دەرکەوتن، چایخانە چۆڵ بوو، من مام و چایچی!

ڕووم تێکرد: ئەرێ کاک سام! شوێنی نووستن و مانەوە گیر دەکەوێ؟!

– شەو دەچینەوە ماڵە خۆت ڕەشۆخان!

بە سەری ئێوە هەروەک لە یەکەم نیگادا سامم ناسیبۆوە، ئەویش هەروا...

سەرم هەڵبڕی و لێی خورد بوومەوە؛ هاتە پێشتر، خۆی هاویشتە باوەشم و جا بگری... جا بگری منیش وێڕای ئەو تێوەچووم: جا بگری.

تەواوی لەشی وەک شەقشەقە دەلەرزی، بەرەبەرە ویرەویری بەرز بۆوە: هەی نایە، هەی نایە، وەی نایە، ئەوە بۆچ دەنگی دۆست و دیوناس و هەڤاڵ نایە.

من و سام هەڤاڵی ڕۆژانی دوورخراوەیی و شاربەدەری و مەینەتی غوربەت و غەریبایەتی بووین. لە زنجیرەی ئەو هاڵقەیە بووین کە لە ڕۆژانی تۆفان و شۆڕشدا بە دەوری پێشەوا و گەورە پیاوان و ڕێبەرانی بزاڤ و خەباتدا پێکدێ، لە چەند ساڵ و عەیامی شۆڕشدا لە چەند شار و وڵاتی جیاواز و جۆراجۆر پێکەوە بووین، لە ڕۆمانی «شاربەدەر»یشدا باس کراوە.

سامی برادەر، سامی خۆشەویست تۆ لێرە چی دەکەی؟ ئەی کوا سارای خوشکم؟

– ڕەشۆ، سامی برادەر ماڵ کاول بوو، کاول، سارا تۆ خۆش.

– شاڵڵا بەڕاستت نییە، دە تۆغا بڵێ وا نییە.

ویرەویری کوێر بوو، لووشەلووش بەرزتر هەستا: چی وا نییە ڕەشۆی برا... بە خوا مرد، سارا مرد!

ئەمجار لە باوەشی یەکتر هاتینە دەر و دانیشتین و منیش وێڕای ئەم دامباراند، دامباراند. سارا بە شەرت سارا بوو. هەم بۆ دلێری و ئازایی، هەم بۆ ئەمەک و دڵسۆزی دۆست و هەڤاڵی شۆڕش و سام، دایک و خوشکی هەموو کوڕەکان بوو، دایک و خوشکی هەموو شۆڕشگێڕان و کیژی ڕووسوور و سەربەرزی شۆڕش بوو، شۆڕای مەزن و ڕێبەر لە هەموو کەسی خۆشتر دەویست. تف لە بەقای دنیا، دنیای بێبەقا... جا چۆن ساراش دەمرێ؟ دنیا ساراش دەمرێنێ؟ سارای جوان و ڕەزاشیرین و دڵسۆز و دایک و خوشکی هەموو کەس؛ سام... سام... تۆغا بڵێ جەفەنک دەکەی!... تۆغا بڵێ وا نییە...

سام هەر لە دیوی ژوورەوەڕا دەڕرابە و دەرکی پەنجەرەی داخست و قفڵی کرد. چووینە پەسێوی پشت دامودەزگای سەماوەر و قۆری و چایی، لەوێوە بە پلیکاندا سەرکەوتین بۆ قاتی سەرەوە. کاریدۆرێکی گچکە و دوو ژوور و ئاودەست و حەمام، نوقڵی و چکۆلانە؛ بەڵام هەموو شتێک تۆزاوی، خۆڵاوی، بەبێ ورشە و بێ ترووسکە و بێ بریقە، ماڵی چۆڵ، ماڵی تەنیایی، ماڵی پیری و پیری بە تەنیا.. ئێمەش: من و سام وەک دوو کەلاوەکۆنی لاڕووخاو، بەرەو ڕووی یەکدی دانیشتین و بە ویرەویر دامانباراند، دامانباراند! ئای لەو گشتە لاواندنەوە، خۆڵاواندنەوە، بیرەوەری، ئەرێ سام تۆغا بۆ؟ پێم ناڵێی چۆن بوو؟ کارەسات؟ ڕووداو؟ چی؟ چۆن بوو؟

– خەمی کوڕەکان، دۆستان و برادەران سارای کوشت، شەهید بوونی زاگرۆس، جا وەرە سارا شەو و ڕۆژ بیلاوێنەوە و هەڵوەرێنە، خنکانی شەمۆ لە ئاودا؛ سارای ماڵ کاول هەڵوەرێنە، شەهید بوونی بۆتان، سارا لە ڕوومەتت ڕاکێشە، سنگ و ئێخە دادڕە و بگری، وەژێر تورومبێل کەوتنی شەنگە و... من و سارا منداڵمان نەبوو، دایک و باب و خوشک و برامان نەماون، منداڵ و خوشک و برای ئێمە ئێوەن. زۆر لە جگەرگۆشەی خۆمان خۆشەویستترن، شیرینتر و ئازیزترن، ئەی یانی سەرنجت نەداوە ئەوە سی ساڵە ئێوە لە هەر کوێ بوون، خۆمان گەیاندۆتێ و چایخانەیەکمان بۆ ساز کردوون؟ یانی خۆت هەموو شتێ نازانی؟ لە شۆڕشەکەی دوورگەی دۆزەخدا، ئەو خۆنیشاندانەی زاگرۆس شەهید بوو، تۆغا لە یادت ماوە؟ پاش ئەوەی شۆڕا و سامرەند نێوچاوانیان

داغ و مۆر کرا، لە پاش ئەو هەموو جەزرەبە و ئەشکەنجەیەی شاهۆ، دەزانی گشت ئەمانە و هەرکام لەمانە چییان بە سەر من و سارا هێنا؟ ئێمەش دوور خراینەوە بۆ ئەم شارۆچکەیە. ئیدی مۆڵەت و ئیزنمان نەدرا بە شوێنتانەوە بێن، ئێوەش پەرشوبڵاو کرابوون، هەرکام بۆ شوێنێک و شارۆچکەیەک. لێتان بێخەبەر بووین. ئەم بێ هەواڵبوونە لە ئێوە ئێمەی پیر کرد، ئێمەی کوشت، ئەم دوا کەرەت زیندان و دوورخستنەوەی شۆڕا و سامرەند، ئەم بێ هەواڵبوونە لە تۆ، ئەم گشتە هەواڵەی مردنی یەک لە دوای یەکی دۆستان، ئەی ئەمە پیری نییە، چییە؟! ئەی مەرگی سات بە سات نییە.. چییە؟! سارا ڕۆژ بە ڕۆژ کز و لاوازتر دەبوو، قژەسەری بووبوونە کلووی بەفر، گووپی وەک مانگی هەشت و نۆ قۆپیبوون، ویرەویر و قورپێوان و ڕۆڕۆکردنی... باسی مەکە، ئاخ! پار زستان چووبووە نانەواخانە بۆ نان وەرگرتن، لە گەڕانەوەدا لە سەر بەفر و سەهۆڵ لاقی هەڵخلیسکابوو، لاقی شکا و لاق لە گەچ گیرا و لە ماڵێدا بە جێوبان کەوت، لاق لە نێو گەچدا هەواڵی مردنی شەنگە و شەمۆ پێکەوە هات، سارا لە پاش سێ چوار ڕۆژ گریان و لۆرە و ویرەویر تێکچوو! قسەی دەپەڕاند. دەنگی بەرزەوە دەکرد، ویرەویر دەبووە گۆرانی بە دەنگی بەرز.

خوا زۆری خۆش ویستین! بردبووم گەچەکەی لاقی لێ بکەنەوە، گەچیان لە لاقی کردەوە و بە عەرزا کەوت، هەر ئەم کەوتنە، هەڵنەستاوە: مەرگی مفاجا! مەرگی مفاجا! ئاخ چیم لە دەست دەهات؟ چیم بکردایە؟ لە شاری غوربەت، کەست نەبێ، تەنیاباڵ، دەستی لێ مەدە ڕەشۆ... نازانی، نازانی چیم بە سەر هاتووە بەبێ سارا، نازانی مەپرسە، دەستی لێ مەدە، مەرگ... گیان لە جێیەکی سەختە! ئاخ... وەرە قسەکە بگۆڕین، ئەگینا منیش فججە دەکەم.

– کاک سام هەموو گیای مەرگین، ئەوی بێتە سەر دنیا دەبێ ڕۆژێکیش بڕوا، منیش و تۆش. سارا هەموو کەسمان بوو، خوشک و دایک و کچمان. ئاخ، هەموو پیاوەکان لە بەرێک، سارا لە بەرێک، ڕاستی کاک سام من هاتووم لەم شارە دوورەدەست و دوورەچاوە دوکان بگرم، کاری سازکردنی ساز و فێرکردنی کەمانچە و تەمیر بکەم، دەتوانی کارێکم بۆ بکەی؟ ماڵێک، دوکانێکم بۆ پەیا کەی بە کارم بێ؟ خۆت لەمەوبەر مەزڵ و دوکان و کەلاسی منت بینیوە، دەزانی چیم پێویستە.

– ڕەشۆ گیان ماڵ و مەزڵ پێکەوەین، ئێرەمان هەیە و ماڵی خۆتە، خوا گەیاندووتی لە تەنیاییدا فججە نەکەم و نەمرم، خەڵک ئەم شارەش دەبینم، دەتوانین دوکانێک، ژوورێک بۆ کەلاس و یانەش پەیا کەین، بەڵام تۆ دەبێ ژن بسەنی.

– دیسان هاتییەوە سەر کەر و بارەکە، قسەی لەمێژساڵمانە، ئەمجار گیان دەرنابەی.

قسە هات و قسەمان کرد تا شەومان شەق کرد و کەم کەم بە لادا کەوتین و چووینە غوڕابی خەوەوە.